# شوكر (تەيسير عەللونی ) گەيشتە بەغداد

**نەجات حەسەن قەرەداغی**

ئەوەی هەموو لا لەسەری كۆكين ئەوەيە كە ئەركی رۆژنامەنوسان بە گشتی و پەيامنێران بە تايبەتی گەياندنی هەواڵ و زانياری يەكانە بە خەڵكی بەبێ دەستكاری كردن و بێ تەحەييوز بۆ هيچ لايەن و گروپێك . ئەمە بۆ دەزگايەكی ناوخۆيی گەر پێويستيەك بێت ئەوا بۆ رۆژنامەيەكی جيهانی ياخود كەناڵێكی ئاسمانی سەد قات پێويست و گرنگە. .

ئەمەی سەرەوە تەنها پێشەكيەك بوو دەربارەی ئەو بابەتەی دەمەوێ قسەی لەسەر بكەم ئەويش هەواڵگەياندنی هەندێك لە كەناڵە عەرەبی يەكانە كە بە ڕاستی پەيامنێرەكانيان وايان لێ هاتووە لە بەعسيەكان زياتر بەرگری لە حكومەتی بەغداد دەكەن. . بە تايبەت كەناڵی ئاسمانی (جەزيرە) كە تەنها كەناڵێكی عەرەبی بوو كە جێگای باوەڕ و متمانە بوو. . دوور بوو لە لايەنگری حكومەتە عەرەبی يەكان و تا رادەيەك جێگای سەرنج بوو. . بەڵام جەزيرەش لە كێشەی عێراقدا نەيتوانی لايەنە عەربچيەتی يەكەی خۆی بشارێتەوە و واقيعيانە مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشەدا بكات. . قەيدی نی يە گەر وەكو عەرەبێك بەرگری لە عەرەبايەتی دەكات، بەڵام جەزيرە زياد لەوەش ئێستا بەعسيچيێتی دەكات و ديفاعێكی تا سەر ئێسقان لە حكومەتی ديكتاتۆری بەغداد دەكات. . ئەوەی زياتر ئەم راستی يە دەسەلمێنێت بوونی ئەو هەموو پەيامنێرەی كەناڵی جەزيرەيە كە لە عێراقدا رێگەيان پێدراوە بوونيان هەبێت. . ياخود ئەو چاوپێكەوتنە بەردەوامانەی كە لەگەڵ سەرانی رژێمدا ئەنجامی دەدات. . كە ئەمانە بۆ هيچ كەس رێگە پێدراو نين وەك ئەوەی بۆ كەناڵی جەزيرە رێگايان پێدەدرێت. .

كەناڵی جەزيرە دەگەڕێت گەر لە شوێنێك بەرگری نەبێت دروستی دەكات. . گەر هەبوو گەورەی دەكات. . چەند كەسێكی سەر بە سەددام بەرگری سوپای ئەمريكا دەكەن ئەو دەيەوێت گەورەی بكات و بڵێت جەماوەر هەموو بەرگری دەكەن. . تەنانەت جاری وا هەيە ريپۆرتاژی ساختە دروست دەكات بۆ ناشيرين پيشاندانی ئەو شوێنانەی كە سوپای هاوپەيمانانی چوونەتە ناو. . وەك ئەو ريپۆرتاژەی دەربارەی (ئوم قەصر) بينيمان. . كە تەنها سێ كەسی دووان و باسيان لە نەبوونی ئاو دەرمان و خواردەمەنی كرد. . ئەمە لە كاتێكدا تەنها رۆژێك بوو سوپای ئەمريكاو بەريتانيا گەيشتبوونە ئوم قەصرو كەسيش نەيزانی ئايا ئەوانەی كە قسەيان كرد لە ئوم قەصر بوون يان نا؟ هەروەها دەرخستنی ئەو چەند سەربازەی سوپای ئەمريكا كە خەريكی چارەسەری نەخۆشە عێراقی يەكان بوون و بەڵام تەعليقی بێ بنەمای لەسەر دەداو بەفێڵ و دووڕويی ناودەبرد. . ئەمە جگە لە بانگكردنی بەردەوامی (عەبدولباری عەتوان) ی شۆڤێنی رۆژی چەند جارێك بۆ قسەكردن لەسەر مەسەلەكان كە دەيەوێت وای دەربخات كە حكومەتی عێراق و گەلی عێراق خوێن و گيانيان تێكەڵ بووەو هەرگيز دەستبەرداری يەك نابن. .

ئەمانەو چەندان نمونەی تر وای كردووە كە جەزيرە جەماوەری خۆی لەدەست بداتو، بۆ حكومەتی ديكتاتۆری بەغداش چيدی نەترسێ لەوەی هێزی هاوپەيمانان كەناڵە ئاسمانی يەكەی بتەقێننەوە چونكە تا جەزيرە هەبێت پەكی ناكەوێت. .

لە كۆتاييدا ئەوەی دەمەوێت بيڵێم ئەوەيە كە حوكمی تاليبان لە ئەفغانستان لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی يەی بۆ خەڵكی ئەوێيان هێنابوو جەزيرە وەك حكومەتی شەرعی كابوڵ بە ئێمەی ناساندو لەو كاتەدا رەنگە هەندێكيشمان بە حوكمی دووری ئەفغانستان بڕوامان پێ كردبێت. . ئەوەی ئەم رۆڵەيشی بينی لەو كاتەدا (تەيسير عەللونی ) پەيامنێری جەزيرە بوو كە پاش ماوەيەكی زۆر لە ديفاع كردن لە تاليبان سەری تاليبانی

**خواردو کەسیش نەیزانی دواتر تا ماوەیەکی زۆر تەیسیر چی بەسەرهات. . خۆشبەختانە دوێنێش تەیسیر گەیشتە بەغداد وەك پەیامنێری هەمان کەناڵ. . ئیدی مادەم وایە کۆتایی دکتاتۆرەکەی بەغداش نزیکەو هاکا بینیمان تەیسیر سەری ئەویشی خوارد. .**

**ئیتر نازانین دوای ئەمە (تەیسیر عەللونی ) پەیامنێر ڕوو لە چ وڵاتێك دەکات؟؟!**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت